# عەقلانییەتی ئیسلام وا دەبێت؟



عەباس شوان
**06.03.13**




**وەفا سولتانی نوسەر و پزیشک، دانیشتووی شاری لویس ئانجلس لەئەمەریکا،لەبنەرەتداخەڵکی شاری بانیاسی سووریایە. ئەو ژنە ئاوا بیر دەکاتەوە: ئەو ململانێیەی ئێستا هەیە ململانیی نێوان ئایینەکان و شارستانیەتەکان نییە، بەڵکوو ململانێی نێوان دوو سەردەم و قۆناغی جیاوازە. دوو هزر یەکێکیان هی سەدەکانی ناوەڕاست ئەوی دیان هاوچەرخە، نێوان دواکەوتوویی و مۆدێرنە و نێوان بەربەریەت و عەقلانییەت، نێوان دیموکراسی و دیکتاتۆرییە.**
**ئەوە ئایینی ئیسلامە خەڵکی لەنێوان موسوڵمان و کافر دابەشکردووە. ئەوە پێغەمبەرە فەرمان و هانی موسوڵمانانی داوە شەر لەدژی ئەوانە دی بکەن تا ئەو کاتەی بروا دەهێنن ودەبنە ئیسلام!**

**جوولەکە، دوای هۆلۆکۆس توانیان بەکارو زانست نەک بەتیرۆر و گریان و قیرەقیر جیهان ناچار بکەن ڕێزیان لێبگرێت... جوولەکەیەکتان بینی لەچێشتخانەیەکی ئەڵەمانیدا خۆی بتەقێنێتەوە؟ یان کەنیسەیەک بروخێنێت؟ بوزییەکتان بینی مزگەوتێک بوستێنێت بەڵام موسڵمانان لەئەفگانستان پەیکەرەکانی بوزایان تەقاندەوە! کەچی موسوڵمانان بەکوشتنی خەڵک و سوتاندنی کەنیسە و بالیۆزخانە دەیانەوێت بەرگری لەعەقیدەی ئایینیان بکەن! ئەوەیش هیچ بەرهەم ناهێنێت. موسوڵمانان پێش ئەوەی داوا لەخەڵکی دی بکەن ڕێزیان لێبگرن، دەبێت بزانن دەتوانن چی پێشکەشی مرۆڤایەتی بکەن ... کریستان و موسوڵمان و جوولەکە نیم، مرۆڤێکی عیلمانیم و بڕوام بەغەیب نییە ..**

**لەئەنجامی ئەو پەیڤانە و زۆری تر کە لەم کەناڵ و ئەو کەناڵی دەربیڕیون، کەوتۆتە بەر هەڕەشەی کەسانی نەناسراو چ بەتەلەفوون چ بەئێ مایل. ئێستا بەناچاری لەژێر چاودێری توندی پۆلیسدایە. یەکی لەپیاوانی ئایینی وڵاتەکەی لەبارەی وەفائەوە وتوویەتی: لەکاریکاتێریستە دانیمارکییەکان خراپتر سوکایەتی بەئیسلام دەکات. گەر زمانی عەرەبی دەزانن تکایە سەردانی ئەم لینکە بکە:**

**http://switch5.castup.net/frames/20041020_MemriTV_Popup/video_480x360.asp?ai=214&ar=1050wmv&ak=null**